شانۆگەری ی ژمارە

# دڵە بێ بەشەکان

## شانۆ نامەیەکی خۆماڵی یە

محمد رشيد فتاح

**کەسەکان**

نەجم :- کرێکار .
حەمەصالح :- کرێکار .
کەریم :- دەستگێرێکی بێ دەستمایە .
نامیق :- فەرمانبەرێکی خانەنشین .
توفیق :- بەڵێندەر .
لەگەڵ دوو ئافرەتو ، کوێخاو چەند کەسێکی دیدا .

**شوێن** :- چایخانەی گەل .
**کات** :- بەیانی یەکی زوویی رۆژێکی زستانێکی ساردو ، تەرو تووشە .
نێو چایخانەکە هێشتا تاریكو روونە ، نەجم - بەخۆ کەوتووەو خەریکی زۆپاکەو ، چالی نانە .
کەریم :- (دێتە پێش دەمی چایخانەکەو ، هاوارێك لەنەجم - دەکات) ، نەجمی برام ، ئەڵی ی بەملی شکاوت تازە لەخەو هەستاویت .
نەجم :- (بەپێکەنینەوە) .. کەریمە شێت ئەوە تۆی ،
وەرە ژوورەوە ، بابزانم ئیمشەو لە چ
ئوتێل بەلاشێك لی ی درێژ بوویت ! .
کەریم :- (چاوێك بەمسەرو ، ئەوسەری شەقامەکەدا دەگێرێت) ..
نەجم .. ئەترسم .
نەجم :- ئەترسی زلێخاکەت بەلاتا تێپەرێ ، هەتیو هێشتا زۆری ماوە بۆ



دەوام ، دەوەرە بەر زۆپاکە ، با لەسەرمانا نە تۆپی .
کەریم :- باشە .. با جارێ بچم دوو صەموونی گەرمو نەرم بێنم .
نەجم :- دەوەرە پارەت بەمێ .
کەریم :- قەیناکا .. خۆم پارەم پی یە ، ئیمرۆ دەعوەتی من بە .
(دەروات) .
نەجم :- (لەبەر خۆیەوە) .. یاخوا کەس سەری لێ نەشێوێو ، لانە وازو ، دەربەدەریش نەبێ ئاخر کەرەشێت تۆو ئەو کیژۆڵە ناسكو نازدارەیان وتووە . ئەوێکی مۆزەقەو ، خوێندەوار ، تۆیەکی لاکەوتەو بێ پارەو پوول ، بەچیتەوە دڵداریم بۆئەکەی .. هابە سەروەتو ، سامانەکەی باوكو باپیرتەوە ، یا بەوەزیفەو ، پلەو پایە جوانەکەی خۆتەوە .. ها .. هەتیو ئێرە شارەشار .
کەریم :- (بەدوو صەموونی گەرمەوە خۆی دەکات بە چایخانە کەدا) .. دەی نەجمی برام دووچایی گەرمو گوڕ تێکە ، (لەسەرقەنەفەیەك دادەنیشێ) .. نەجمی برام خۆزگە شاگردی ئەو صەموخانەیە ئەبووم ، بەس نەبوو شەوو رۆژ سەرما توخنم نەدەکەوت .
ئایی قەڵلاکەم .. قەلاکەم رووخا پاڵدەم بەکێوە .
نەجم :- (دوو چا تێدەکاتو ، لەتەنیشت کەریمەوە دادەنیشێت) .. جا بۆ ناچیتە لای وەستا مەحموو ، لەئێستە زووتر نیە .
بچۆرە لایی و ، داوای ئیشی لی بکە .
کەریم :- ئەی نەچووم .. ئەی بۆم نەگێرایتەوە .. چی ی پی وتم ؟. نەی وت .. ئێمە کرێکاری شارەزامان ئەوێ ، خۆ قورەکاری نی یە ، هەموو

کەسێك بالێنەی بۆ لەسەر کاتو . ساج بە دەستی‌یەوە بگرێت .. ئەمە ئیشی کارەباو . مەکینەیە .

نەجم : ڕار ئەکەی . بەلآمدا لەمەکینەو تەرەماش . قورعان بەهەقت ئەم جۆرە شتانە ئەئێستەوە لە ئێمەش بوونەتە دوژمنی باوە کوشتە ..

لەوانەیە ماوەیەکی تر ئەو صەمووخانەیەی کەتۆ ئەی بینی تاقە زەلامێکی بەس بێ .

کەریم :- ئەرەوەڵلا .. خۆ هەرواشی لی‌دێ .. ئەی ئەوڕۆژە نامیقە فەنی - نەی‌وت .. سەردەمێك دێ .. ئەم کارگەو مارگانە هەموویان بەدوگمەو . مووگمە بکەونە ئیش .. جا ئەوکاتە بەتاڵەو مەتاڵە. هەزار چایخانەی وا پردەکەن ! .

نەجم : (بەدەم ئاهێکەوە) .. کەریم .. ئەمەشارە شار .

کەریم : (بەچێژەوە قەپووچك لە صەموونەکەی دەستی دەدات) ..

نەجم .. ئەوە نامیقە فەنی دیارنی‌یە ؟ .

نەجم :- تاوێکی تر پەیدا ئەبێت .

کەریم : (لەتەقامەکە دەڕوانێت) .. نەجم .. ترسم . ئیمڕۆ گوڵەکەم لەتاو سەرما لەماڵ نەیەتە دەرەوە . ئینجا من قوڕی کوێ یکەم بەسەرما .

نەجم : ئەوە بەراستتە . هەتیو سەری لی‌داوی . دیارە مل لەچەقۆ ئەسوویت .. کەریم بۆخوا پێت ئەڵێم .. واز لەم جرتو فرتو قسە قۆڕانە بێنە . ئێرە شارە .. شار .

کەریم :- تۆ هەروا بڵێ .. سەد سوێندم بۆ خواردی خۆی بەدەمەوە پێکەنیوە . باشە من لەتۆ ئەپرسم .. کچێك بەدەم کوڕێکەوە پی‌بکەنێ .. یانی چی ؟ .

نەجم : با جارێ دووچای تر تێکەم . (بەدەم هەستانەوە) .. ئەوە مانای ئەوەیە دلێ پێت ئەسووتێ و . بەزەیی بەسەرو فەساڵتا دێتەوە . هەتیو تۆ سەیری ئاوێنەت کردووە . هەر لە توونچی ئەچیت .

کەریم :- (بەسەرسوڕمانەوە . ڕاست دەبێتەوەو قەیرێك لەخوێ دەڕوانێ) .. نەجم بەڕاست (بە نێو چایخانەکەدا ماوەیەك دێتو دەچێت) ..

بەراست نەجم .. من لە توونچی‌ی ئەچم ؟ .

نەجم :- (بە حەپەساوی‌یەوە لی‌ی دەڕوانێت) ..

کەریم :- بریا خەنجەرێکت لی‌بامایەو . ئەو قسەیەت نەکردایە .. ئایی کەناخوشە بەپیاوی دڵدار وا بڵێ‌ی .. خۆ من کەئەو ئەبینم . هەروا ئەزانم کوڕە شازادەی نێو هەقایەتم ! .

نەجم :- ئەوە بەخەونو خەیاڵ خۆت وائەبینی .

کەریم :- خۆزگە .. گەر بەخەونو خەیالێش بوایە ..

تاقە ڕوژیك کوڕە پاشا نەبووم .

نەجم :- بنوو .. با لەخەوتا خۆت وابینی .

کەریم : نەجم .. پێم بڵێ .. توونچی ئینسان نی‌یە ..

خاوەنی عەقڵو . دڵو . ویژدان نی‌یە ؟ ..

باشەبەرای تۆ چی‌بکەم . تا بگەمە شانی ئەوکچەی کەنە چاوەکانیا بەئاشکرا پێم ئەڵێ خۆشم ئەوێت .

نەجم : ئیش بکە .. هەوڵبدە . ئێمە و مانان تەنها بەهۆی کارکردنەوە جوان دەبین‌و . ئەچینە نێو دڵەوە .

کەریم :- ترحێو .. تۆ خۆت زۆرت هەڵتران .

نەجم :- ڕازئەکەی کەریم .. ئێرە شارە .. شار .. تۆ جارێ وەرە دانیشە . با چایەکەت سارد نەبێتەوە .

کەریم :- (لەجیگەکەی‌ی دادەنیشێتەوە) .. ئایی قەڵاکەم ..

قەلآکەم ڕووخا .. پالدەم بەکێوە .

نەجم : جا بەسی‌نی‌یە شەقامەکە هێشتا چۆڵە . ئەگینا خەلکی لێمان کۆ ئەبوونەوە . هەتیو خەڵکی‌ی ئیمڕۆ بەردیش شێت ئەکەن .

کەریم :- نەجم .. خۆزگە توونچی‌ی بوومایە . بەس نەبوو . شەوو ڕۆژ جی‌یەکم ئەبوو تیا بسرەوم .

نامیق ئەفەنی : (بەپرتاو خۆی بەژووردا دەکات .) سەلامو عەلەیکم .. کوڕینە چۆنن . ؟ .. شکور باشن . (لەسەر کورسی‌یەك نزیك بەزۆپا کە دائەنیشێ) .. بەخوا ساردە . کوڕم ئەوێ بەرگەی ئەم سەرمایەبگرێ .

لەحەیاتە لعومرم زستانی وام نەدیوە . خۆ تا لەماڵەوە گەیشتمە ئێرە خەریك بوو . ڕەق ببمەوە .. خزمینە تەسەور کەن ..

تاقە پاسێکیش لەناو شاردا ئیش ناکات .. ئایی چ ڕۆژێك تێکەو تووین ! .

نەجمو کەریم : (بواریان بۆ دەرەخسێ کەبە خێرهاتنی بکەن .) ئەفەنی بەخێر بێ‌ی .

نامیق :- خۆش بن . خوا خۆشتان کات .. ئەرێ نانتان خواردووە ؟ .

نەجم :- ئەفەنی هەر صەموونو چایەکە نی‌یە .. بێ تۆ ناخۆش نۆشمان کرد .. ئەی تۆ نانت خواردووە ؟ ! .

نامیق :- من هێشتا قوزەڵقورتم لەدەم نەناوە . ئەڵێن کەپیاو تەقاعوود بوو . ئیتر لەماڵەوە بێ خەم ئەحەوێتەوە . کەچی من ماڵەکەم لێ بووە بە جەهەنەمو . حەزئەکەم شەویش نەڕۆمەوە .

نەجم :- دەبا بچم صەموونێکت بۆ بێنم .

نامیق :- عەزێتیشە .. (دەست دەکا بەگیرفانیاو پەنجا فلس دەدا بەنەجم) .. گەر ئێوەش تێرتان نەخواردووە . دووصەموون بێنە ! ..

کەریم : خوا لەدەستت بەزیاد کا . من تێرم خواردووە .

نەجم :- (بەدەم ڕۆ یشتنەوە) منیش .
نامیق :- (چاویلکە زەردەبینەکەی لەچاو دەنیٚ‌و ، دەکەوێتە ڕۆژنامە خوێندنەوە) .
کەریم :- ئەفەنی .. ئەوە باسی چیی تیایە ؟ !
نامیق :- کەریم .. تەسەور کە .. باسی هەموو شتێکی تیایە .. تەنها باسی تۆ نەبیٚ ! .
کەریم :- (بەدەم ئاهێکەوە) .. ئایی قەلاٚکەم .. قەلاٚکەم ڕووخا پاڵدەم بەکێوە .
نەجم :- (دەگەڕێتەوەو ، صەموونەکە دەداتە دەست نامیق) .
نامیق :- ئایی دەست خۆش ، ئەمجا چایەکی کەم شەکریشم بۆ تێکە .. ئەریٚ بەراست وەستا شەریف دیار نەبوو .
نەجم :- نەخۆشە .. باوەڕ ناکەم وازوو بیٚ ، لەوانەیە نەوزادی کوڕی بنێریٚ ،
کەریم :- نەوزادیش لە مەکتەبەو وازوو نایەت .
نامیق :- کەریم .. ئەی تۆ پاکەت‌و شقارتەکەت نافرۆشی .
کەریم :- لەکویٚ ؟ .. بۆ پیاو زات ئەکا چارەسەعاتێك لەسەر ئەو شۆستەیە بوەستیٚ ..
نامیق :- بیگێڕە ، بەنێو بازاردا بیگێڕە .
نەجم :- (چایەك دەخاتە بەردەمی نامیق) .. ئەفەنیٚ .. کەریم وازی لەوەش هێنا .
نامیق :- بۆ ؟ .. ئەی ئێستە چیی ئەکات ؟.
نەجم :- دەست مایەی نی‌یەو ، جادە ئەپێویٚ .
نامیق :- ترسنۆکی‌یە .. پیاو جادە بپێویٚ .
کەریم :- ئەفەنی .. کەنەبوو ، نەبوو .
نامیق :- (باسەکە دەگۆڕێت) .. نەجم .. خۆت وەکیل بە ..
ئیمڕۆ قۆڵیٚ لیٚ هەڵماڵەو ، ئیش‌بکە ، سا بەڵکو وەستا شەریف چاوێکی لێتەوە بێت .
نەجم :- جا من لەچاکەی پیاوی وا دەرئەچم .. ئەوە ساڵێکە ئەم هۆدەیەی داومەتی‌و ، جێگەی نوستنی بۆکردوومەتەوە ، ئیتر لەوە زیاترم لەو ناویٚ .
کەریم :- ماڵی ئاوابیٚ .. بەخوا وەستا شەریف .. شەریفە ..
(سەیرێکی شەقامەکە دەکات‌و ، لەپڕ رادەکاتە دەرەوە) .
نامیق :- (بەسەرسامی‌یەوە) .. نەجم .. ئەم هەتیوە ئەڵیٚ‌ی جیوەی تێکراوە ، بیست‌و چوار سەعاتە هەر جرت‌و فرتێتی .
نەجم :- (چایەکی تر بۆ نامیق تێدەکات) .. ئەفەنی ئەوە لەتاو خاوەرەکەیەتی وا پەرو باڵی‌ی سووتاوە .
قورمساغە وا، ئەزانیٚ هەموو بەیانی‌یەك ئەم حەلانە ، ئەو کچە لەبەر خاتری چاوی رەشی ئەم بێرەدا ئەچێت بۆ دایەرە .
نامیق :- نەجم لیٚ‌ی مەگرە ، دڵداری بە لاٚیە .. بەلاٚ .
نەجم :- ئەترسم ئەم هەتیوە تووشی گێچەڵێك بێت‌و ، دوا جار ئێمە بەرن بۆ شایەتی .
نامیق :- جا چیی تیایە ؟ .. ترسنۆکی‌یە ئێمە شایەتی بۆ نەدەین .
نەجم :- ترسنۆکی چی .. جا ئێمە چمان بینیوە ؟ .
نامیق :- ئەوەی لە کەریمان بیستووە ئەوە ئەڵێین .
نەجم :- جاکیٚ ئەڵیٚ .. کەریم ڕاست ئەکات ؟
نامیق :- ئەی لەخۆیەوە واشێت‌و شوور بووە .. نەجم ئەڵیٚ‌ی تۆ لەژیانتا دڵداریت نەکردووە ! .
نەجم :- ئەفەنی ئەی تۆ دڵداریت کردووە ؟ !.
نامیق :- ترسنۆکی‌یە پیاو دڵداری نەکات .. جا ژیان بیٚ دڵداری مانای هەیە ! .. نەجم .. تا خۆم کوڕ بووم بەبانانەوە .. (بۆی دەکۆکیٚ) .
(-کابرایەکی رەشتاڵەی کەڵەگەت ، بەجل‌و بەرگێکی پینەکراوەوە ، سەر کزو خەمناك ، دێتە نێو چایخانەکەو ، قسە بەمان دەبڕێت )
پیاوەکە :- سەلام‌و عەلەیکوم .
نامیق‌و نەجم : وەی عەلەیکومە السلام .
پیاوەکە :- (لە سووچێکەوە نزیك بەزۆپاکە دادەنیشیٚ) .
نامیق ونەجم :- (پێکەوە) بەخێرهاتی .
پیاوەکە :- دەستتان ماچ ئەکەم .. خوا خۆشتان کات .
نەجم : چات بۆ تێکەم .
پیاوەکە :- گەر دیژ هەبیٚ .. ئەوا چاتر .
نامیق :- برا نانت خواردووە ؟ .
پیاوەکە : نەخێر قوربان .
نامیق :- ئەی بەم بەیانی‌یە زووە ئەم دیژەت لەچی‌یە ؟ .
پیاوەکە :- قوربان خۆم وام پێخۆشە .
نامیق :- ترسنۆکی‌یە پیاو بەیانیان نان نەخوات .
پیاوەکە : قوربان شەکرت خوارد ، ئازایەتی‌یە .نامیق :- بۆ ؟ .
پیاوەکە :- گەر گیرفانت بەتاڵ بوو ، ئازایەتی‌یە ، ددان بەخۆتدا بگری ! .
نامیق :- (بەتووڕە بوونەوە) .. دە نەخێر ترسنۆکی‌یە .. پیاو ئەبیٚ بۆ تێرکردنی ورگی هەوڵ بدات .
پیاوەکە :- قوربان .. زۆرمان هەوڵدا ، بەلاٚم رەنجمان بەزایە چوو .

نەجم : (بەپێکە نینەوە) .. برا ئەمە شارە .. شارى ناشیٚ تۆشی وەکو من مارانگاز بوو بیت .

پیاوەکە :- (بەدەم ئاهێکەوە) .. بەرەوەڵلا .. ماران گازم وە بەدووى ماردا دەگەڕێم ناميق: برا عەیب نەبیٚ خەڵکی کوێیت ؟ .

پیاوەکە :- قوربان خەڵکی هەر کوێیەك بم . وا ئێستە لەشارم .

نەجم :- (دیژەکە دەخاتە بەردەمی) .. ناوی خزمەتت .

پیاوەکە :- حەمەصاڵح .. حەمەصاڵحی برا بچووکت .

نەجم :- کاك حەمە صاڵح فەرمووت بە دووى ماردا دەگەڕێم ؟ .

حەمە صاڵح :- ئەرە وەڵلا .. ئەمە ماوەیەکە بەدووى سەر زلێکی ، تەنگ ئەستووری . قەمسەڵە لەبەرو ، پانتۆڵ لەپێدا دەگەڕێم .

ناميق : ئەو دیسکۆیە کیٚیە ؟ .

حەمەصاڵح :- قوربان ئەو فیسکۆیە مقاولە .

نەجم :- قەمسەڵەو ، پانتۆڵ لەبەر .

حەمەصاڵح :- بەڵیٚ .. قەمسەڵەیەکی (تاقگەى) ئنگریزیو ، کاوبۆیەکی لۆردى ئەمەریکی لەبەردەکات .

نەجم :- جا تۆ ناوی ئەمانە لەکوێوە فێربوویت ؟ .

حەمەصاڵح :- برا فێریان کردم ، هەفتەیەکی ویست تا ناوی ئەم شتانە فێر بووم .

نەجم :- (پەنجە ووتەى دەخاتە نێو دەمیەوە) .. ئەو نەبیٚ ..

ناميق :- نەجم .. توفیق لەمەر تۆ نەبیٚ .

نەجم :- دەم خۆش .. خۆیەتی .. (دەست دەخاتە بەر کەمەریو ، لەحەمە صالح دەچێتە پێشەوە) .

بەراست بەدووى ئەو زاتە موبارەکەدا دەگەڕێیت .. کاکە نانی شوانت خواردووە .

ها .. دەگویٚ لەبرای خۆت بگرە .. تۆ دەرەقەتی ئەو نایەیت گەر هەقیشی خواردووى ئەوا قروقەپی لیٚبکەو ، هەر باسیشی مەکە .

ناميق :- ترسنۆکییە پیاو لەئاستی هەقی خۆیدا دەمی کلیل بات .

نەجم :- ئەی ئەفەنی .. وەکو منی لیٚ بەسەربێت .

ناميق :- نەجم تۆ ئازا بوویت .

نەجم :- ساڵیکی رەبەقم لەکونە بۆردا بردەسەر ، ئەوە ئازایەنییە .. یا بەدبەختیو چارەڕەشی .

ناميق :- موهم ئەوەیە : تۆ دەم بەستراو نەبوویت .

نەجم :- بەداخەوە .. هیچیشم دەستگیر نەبوو .. دەستم لەبنی هەمانەکەوە دەرچوو

ناميق :- نەجم .. ترسنۆکییە پیاو لەژیاندا ئاخو داخ بەبا بدات .

حەمەصاڵح :- (قسەبەوان دەبڕێت) براینە پیاوی چابن . پێم بڵێن ئەو توفیقەناموبارەکە کەى تەشریف دێنیٚ ؟ .

ناميق :- کاکە بەتەماى مەبە .. لەجیٚیەکی تر ئیشی گرتووە .

حەمەصاڵح :- جا من چیی بکەم ؟ هەقی شەش مانگی حەرەسایەتییەکەم لەکیٚ بسەنم ؟.

نەجم :- حەمە صاڵح تۆ دواى کڵاوی بابردوو کەوتووی

حەمەصاڵح :- یەعنی دەستی لیٚبشیۆم .. هەروا بە ئاسانی دەست لەوپارەیە هەڵگرم .

نەجم :- ئەم نیاری چیت هەیە .. خۆ شکاتی لیٚناکەیت .

حەمەصاڵح :- بەرەوەڵلا .. لەئێستە زووترنییە دەرگەى مەحکەمەى لیٚ ئەگرم .

نەجم :- وازبێنە .. خۆت تووشی گێچەڵ مەکە .

حەمەصاڵح : گێچەڵ .

نەجم :- باشە شایەتت هەیە ؟ .

حەمەصاڵح :-

نەء .

ناميق :- (رۆژنامەکە لادەبات) .. تر سنۆکییە ئێمە شایەتی بۆ نەدەین .

حەمەصاڵح :- دەم خۆش مامۆستا .. بەخوا پیاوێکی زەرینی .

ناميق :- (دەکۆکیٚ) .

نەجم :- هەزار شایەتی وەکو ئێمەى هەبیٚ فلسە سوورێك ناهێنیٚ .

حەمە صاڵح :- بۆ ؟ .

نەجم :- چونکە ئەو سەگ و گورگی هەیەو .. شایەتی بۆ ئەدەن کە تۆ دوو تەن شیش ، یا هەزار بلۆك ، یا هەزار خشتی سوورت دزیوە .

حەمە صاڵح :- (سووردەبێتەوە) من ؟ !.

نەجم :- خۆت نارەحەت مەکە .. ئێرە شارە شار ..

توفیق راوچییەکی شارەزایەو ، ساڵی دووسیٚ - یەکی وەکو من و تۆی بیٚ دەستەڵات دەکا بەتەڵەوە .. برا مەسەلەکەى تۆش وەکو مەسەلەکەى من وایە .. تۆ لەکویٚ حەرەس بوویت ؟ .

حەمە صاڵح :- لەبینا گەورەکەى تووی مەلیك .

نەجم :- حاڵی بووم .. منیش هەر دووسیٚ خانوو لەخوار ئەوەوە ، حەرەسی ئەو بووم .. دوا جار لەبری هەقەکەم ، قۆڵ بەستیشی کردم .

حەمە صاڵح :- چۆن ؟ .

نەجم :- شایەتی خۆی هێناو ، قورعانیان بەدرۆ خوارد کە هەزار خشتی کاشیم دزیوە .

حەمە صاڵح :- حەى .. ئەى تۆ چوارشەقی باشت تیٚهەڵنەدان .

نەجم :  من و شەق .. نابە قوربانە .
نامیق :  ترسنۆکییە پیاو لەکاتی وادا چوار شەق مزریش نەوەشێنێ .
کەریم :- (بەسەرو چاوی قوراویەوە دێتەوە نێو چایخانەکەو . لە سووچێکەوە لێی دادەنیشێت) .
ئاپی قەلاکەم .. قەلاکەم رووخا .. پالدەم بەکێوە .
ئەوان :  (بێدەنگ لێی دەروانن .) .
(دیمەنی یەکەم - بێدەنگ)
لەسەر شۆستەی شەقامەکە کیژێك بەلەنجەو لار بەرەو ژوور دەبێتەوە . کەریمیش بە پەشۆکاویەوە بەرەو رووی دەچێت .. کیژەکە لەتەك هەنگاوەکانیدا زەردەخەنەکەی زێتر رەنگ و رووی دەکاتەوە . بزەیەکیش لەنێو ترس و شلەژانەکەی کەریمدا خۆی دەردەخات . کەریم کە دەگاتە ئاستی کیژەکە ، هەموو شتێك لەبیردەکات و . لەخۆشیاندا خەریکە بال دەگرێت . زەردەخەنەکە زێتر رووە خرینەکەی کیژەکە دەردەخات و . دەست دەبات لەنێو جانتا رەشەکەی شانیدا دینارێك دەردەهێنێ و . دەست بۆکەریم درێژ دەکات .. کەریم دوو دلە لەوەی کەوەری گرێت .. بزەکەش بەروویەوە دەکوژێتەوە .
کیژەکە دەست رادەوەشێنێت و . دینارەکە لە کەریم نزیك دەکاتەوە .. کەریم ناچار وەری دەگرێت و ، قەیرێك لێی رادەمێنێ . ئەمجا کیژەکە دەروات .. لەپر کەریم دووی دەکەوێت ، تا دینارەکەی بداتەوە . کەچی زەردەخەنەکە بەرووی کیژەکەوە هەلدەپرووکێ و ، بەسەریا دێ .. کەریم زێتر واق وردەمێنێ و ، لەشوێنی خۆی نابزوێ .. لە ناکاو دوو زەلامی دەستگیر پال بەکەریمەوە دەنێن و ، لەپەوو روو دەیخەن بەزەویدا .
کیژەکە دەروات .. کەریمیش بەسەروویەکی قوراویەوە لە زەلامەکان دەروانێ .. ئەوانیش پێی پێدەکەنن .. ئەمجا کەریم راستدەبێتەوەو ، دینارەکەش هەر لەقولی مشتیایەتی .

* * *

نەجم :- هەتیو ئاخری خۆت بەتێ هەلدان دا .
نامیق :- ترسنۆکییە پیاو لەسەر دلداری بەقەدەر کەرێکی نەکوتن .
نەجم :- ئەرە وەللا .. ترسنۆکییە نەشییەکەن بەچۆلەکە نەوتینە .
کەریم :- نەجم .. ئێستە لەتوونچی دەچم ؟ .
نەجم :- چاك .. هەتیو ئەلێی خێوەکەی حەمامی سوورەتیت .
کەریم :- ئاپی قەلاکەم .. قەلاکەم رووخا پالدەم بەکێوە .
نامیق :- دەبرۆ سەروچاوت بشۆ ، ئەمجا لەلای بایەعەکەی خۆمان .. مشووری دوو پارچە بەغداو سۆمەرت بۆ دەخۆم .
کەریم :- ئەفەنی بەساقەت بم .. ناوی بایەع و مایەع مەهێنە . وەللاهی کە باسی ئەوانە ئەکەن .. من لەرزم لێ دێ .. گوایە شتێك دوو دینار زیاتر بکات .. بەئێمەو مانانی ئەدەن ! .
نامیق :- دەتۆ برۆ .. ترسنۆکییە مشوورت نەخۆم .
کەریم :- (دەروات .)
(لەناکاو .. مێرد منداڵێك . بەخۆیو مقەبایەکی گەورەوە ، خۆی دەکات بەژووری چایخانەکەداو . خێرا بەچەکوش و بزمار مقەبادکە بەدیوارەکەوە هەل - دەواسێت و . ئەمجا دەروات) .
نامیق :- ئەمجارەش کۆڕی شیعر .. پەنابەخوا شاعیر هێندە زۆر بوون . شارەکە هەموویان بوونەتە شاعیر .
حەمە صالح :- ئەفەنی شیعری مەلا قانیعە .
نامیق :- نەخێر .. شیعری گەنجەکانە . بۆتۆ مەلا قانیعت دیبوو ؟ .
حەمە صالح :  ئەی چۆن .. خەلکی لای خۆمان بوو . شیعرشی بۆ خوێندووینەتەوە .
نامیق :- شیعرەکانی چۆن بوون ؟ .
حەمە صالح :  ئەوەنەی هەبوو خێرێکی بۆئێمەو مانان تیابوو .. من هەر ئەوەنەی لێ‌ئەزانم .
نامیق :  قسەی تۆیە . شیعری چاك ئەو شیعرەیە لە صالحی خەلکی بێ .. حەمە صالح پیاو عەیبە باسی خۆی بکات . منیش شیعری وام هەن .
نەجم :  هەر چۆنێك بن .. موهم ئەوەیە هێندێکیان لە مەسلە حەتی ئێوە قسە ئەکەن ! .
نەجم :- ئەی لەسەر دلداری‌یەکەی کەریم .. شیعر دانانێن ؟ .
نامیق :- بریا .. لەسەر ئەمجۆرە دلداریانەش شیعریان دابنایە .
کەریم :- (دێتەوەو ، لە نزیکی زۆباکەوە . لەتەنیشت حەمە صالحەوە دادەنیشێت .) ئاپی قەلاکەم .. قەلاکەم رووخا پالدەم بەکێوە .
نامیق :- بەسە کەریم .. بەسە . شەریتێ شیعرێك بۆ قەلاکەی تۆش دانێم .
نەجم :- ئەی بۆمەسەلەکەی حەمە صالح ؟ .
نامیق :- ترسنۆکییە .. پیاو شیعر بۆ ئەوشتانە نەلێت .
کەریم :- (دەپژمێت) .
نامیق :- ئەوە سەرماشت بوو .
نەجم :- جا کەی ئەوشیعرانە پێ‌دەگەن ؟ .
نامیق :- نەجم .. شیعری چاك ئەیەوێ تاپێ ئەگات .. تۆ جارێ سەرو

چیی٘ن بۆ تێکە .
حەمە صاڵح :- کاك نەجم .. ئەریٚ خۆ ئەوە توفیق هەر نەهات ؟ .
نەجم :- سەد جارمان وت .. بەتەمای مەیە .. بروا بکە دوومانگیشە سەری نەکردووە بەم چایخانەیەدا .
نامیق :- حەمە صاڵح .. بەقسەی من ئەکەی دەست لەو کابرایە بەردەو . بچۆ سەرە گوریسێکی تر بەدەستەوە بگرە .
حەمەصاڵح :- جا قوربان بەدەستی بەتاڵەوە هیچ دەکرێت .
(ئەوان بێدەنگ دەبن ، حەمە صالحێش تاس دەبیاتەوە) .
«دیمەنی دووەم»
مرواری :- حەمە صاڵح .. دەبرۆ ، تازووە ئەو گەماڵ باوکە بەگیربێنەو ، چرێکمان بکە .. هیچ نەبێ بائەم دوو مانگی زستانەی پیٚ‌بەرینەسەر . خۆ گەر هەروا بمێنینەوە ، ئەوا برسێتی‌و ، ساردو سەرما زەفەمان پێ ئەبەن‌و ، دەمانکوژن .

دەهەستە .. با ئەم دووسیٚ سەروپێچکەیەشمان لەدەست نەچیٚ . گەر ئەم تولفانە سەربنێتەوە ، خەڵکی ناڵێ باوکێکی بێ خەم‌و ، دەستە پاچەو ، بێکارەیان هەبوو .. دەهەستە هیچ نەبێ بنە گونیەیەك ئاردو ، تۆزە شەکرو چایەکمان بۆ عیلاج کە .
حەمە صاڵح :- ئافرەت .. سەد جارم پیٚ‌وتی : سوێندم بەشێخ عیسی‌و شێخ موسی‌و ، هەموو گۆڕی پیاو چاکان بۆ خواردی .. ئەو کابرایەم چنگ ناکەوی‌و ، نازانم لەکویٚ خۆی شاردۆتەوە .: مرواری چی‌ی بکەم ؟ ! ..

رۆژ ئەبێتەوە ، تاکو ئێوارە وەکو سەگی پیٚ‌سووتاو لەم شارەدا چەشنی غەریبێك سەر بەهەموو کونێکدا دەکەم .. خۆشم سەرم لیٚ شێواوە .
جارو بار وا هەست ئەکەم کە بنیادەمی ئەمجۆرە ژیانەینم و حەز بە لەنێوچوونی خۆشم ئەکەم .. ئافرەت هێندەم پارە لە مەلاسەعید - قەرز کردووە ، رووم نایە بەبەردەمی دوکانەکەشیدا گوتەر بکەم .. خۆ بەگیرفانی بەتاڵیشەوە هیچ ناکرێت .. خۆ بەم ساردو سەرماو ، تەرو تووشی‌یەش کرێکاری دەست ناکەوێت .. ئێستە چی‌ی بکەم‌و ، چیم لیٚ‌دەکەی ؟ ! .
مرواری :- کەواتە با بەزیندوێتی خۆمان بخەینە چاڵەوە . ئەمە ئیش بوو تۆ دۆزیتەوە .

حەرەسی ، تەرەماشی ، مەلا سەعیدیش بەهۆی ئەو ئیشەوە ئەو دووعانەیەی دایتیٚ . ئەویش ماوەیەکی تر داوای قەرزەکەی ئەکاتەوە . ئەوساکە روو بکەینە کویٚ ؟ .. کیٚ جێگەمان ئەکاتەوە ؟ خۆگەر لەم ژێرخانە تاریك‌و نووتەکەشدا بمانکەنە دەرەوە ، ئەوا لانەوازو ، سەرگەردان ئەمێنینەوە .
حەمە صاڵح :- مرواری بەسە.. توفوا بیبڕەوە ، خەریکە لەتاوا مێشکم ئەتەقیٚ . وا ئەڕۆم ، دزی ئەکەم ، پیاو ئەکوژم ، (دەوەستیٚ) .. تا .. تا .. شتی وا لەمن ناوەشێتەوە .. ئەڕۆم .. ئەگەڕێم .. تا سەرما لەبن دەستم ئەداو ، لەپەنایەکدا رەق ئەبمەوە .. وا ئەڕۆم .. تا ئەو دەست‌بڕی ساختە چی‌یە نەدۆزمەوە داناسەکنێم .. ئا بەگیری ئەهێنم‌و ، داوای هەقەکەی خۆمی لیٚ‌ئەکەم .

* * *

کەریم :- (روو لە حەمە صاڵح دەنیٚ) برا ئەوە بۆ وا ماتی ؟
ناشیٚ تۆش وەکو من عاشق بی ؟ .
حەمە صاڵح :- برا وازم لیٚ‌بێنە ، کەس لەدەردی کەس ئاگادار نی‌یە .
کەریم :- تۆش وەکو من قەلاکەت رووخاوە ؟
حەمە صاڵح :- برا لەتۆ خراپترم لیٚ قەوماوە .. بەس‌نی‌یە تۆ زگورتیت .. من بەخۆمەوە خاوەنی شەش سەرخێزانم .
نەجم :- کەریم .. ئەمیش وەکو منی لیٚ‌قەوماوە .
کەریم :- بەراست .. ئەو ناپیاوە بۆ بەزەیی‌یەکی بەئێوەدا نایەتەوە ؟ .
نەجم :- کەریم وا مەڵیٚ .. ئەو توفیقە زۆر بە بەزەیی‌یە .. ئەی بەمنی نەوت .. نەجم ساڵێکی رەبەق .. لە سایەی منەوە لە ئوتێل بەلاشدا ، دەخۆیت‌و دەخەوێت ، بیٚ‌ئەوەی فلسە سوورێکیش بدەی .. بەڵیٚ .. بەندیخانە بەلای ئەوەوە ئوتێل بەلاشە .
حەمە صاڵح :- نەجم .. گەر من دەستم لی‌ی گیر ئەبێت ، خۆم ئەزانم چۆن چۆنی هەقی خۆمی لیٚ‌ئەسێنم .
ئەو ئەتوانیٚ من بکا بە دز .
نامیق :- ئەوە ئازایەتی‌یە .
نەجم :- حەمە صاڵح .. منیش هەروام پیٚ‌وت .. بەڵام ئەو پێکەنی .. برا ئەو پشتی هەیە ، پشت ، من‌و تۆ ماڵمان زنجە .. ئەمە شارە .. شار .
کەریم :- (بە پرتاو .. بەرەو دەرەوە دەچێت) .
ئەوان :- (بێدەنگ لەیەکدی دەڕوانن .)
(دیمەنی سیٚ‌یەم) بێدەنگ) .
توفیق‌و دوو زەلامی دی دێنە نێو چایخانەکە .. کە حەمە صاڵح بەچاویان دەکات .. بەواق وڕماوی‌یەوە لیٚ‌یان دەڕوانیٚ .
ئەوان وردە ، وردە ، بەرەو رووی ئەم دەبنەوە ، لەپڕ ئەمیش پاڵتۆ شڕەکەی توور دەدات‌و ، یەکەو راست بەرەو روویان دەچێت .. کە دەگاتە ئاستیان دەمێك بەرووی‌ەکی گەشەوە قسە لەگەڵ توفیق دا

دەکات . دەمێکیش بەڕوویەکی تاڵو تفتەوە .

لەپێشدا توفیق پێدەکەنێت . ئەمجا دوانەکەی لا تە نیشتیشی بۆی دەسەنەوە . حەمە صاڵح ناچار دەست بەڕوویاندا بەرزدەکاتەوە .. پێکەنینەکەی ئەوان دەگیرسێتەوە توفیق خۆی لێ سوور دەکاتەوەو ، چاوەکانی لێ زەق دەکاتەوەو بە دەستەکانی یەخەی حەمە صاڵح دەگرێتو لەخۆی دوور دەخاتەوە حەمە صاڵح ورە بەرنادات . لیٖ ی دەچێتە پێشەوەو . دەست دەنێتە بینی توفیق . دوو زەلامەکە خێرا دەکەونە خۆیان .. هەریەکەیان پەلێکی حەمە صاڵح دەگرێتو ، تووڕی دەدات .. ئەو لەپەو ڕوو بەدەما دەکەوێت . بەلاّم هەر ورە بەرنادات .. داخ لەدلاّنە ، ڕاست دەبێتەوەو ، پەلاماریان دەدات .. ئەمجارە ئەوان دەکەونە وێزەی تێر و پڕی دەکوتن .. ئەمجا توفیق لەپێشەوەو ، ئەوانیش لەدوویەوە بەپێکەنینەوە دەچنە دەرەوە .

* * *

حەمە صاڵح :– (لەبەر خۆیەوە) .. توفیق .. تۆ دزی ، من دزنیم . من شەونخونیو ئەرکو عەزابم چەشتووە .. تۆ ڕەنجی شانی منت دزیوە ، ئاخۆ چەندکەسی تریشت والیٚ کردیٚ .. شیش ، چیمەنتۆ ، بلۆك ، داروبەرد . تا من لەوێ بووم هێندەی مسقاڵە زەڕەیەك کەمیان نەکردبوو ، ئەبیٚ ئەو دزە شارەزابیٚ .. دزی شارەزاش هەرخۆتی .

نەجم :– ئەرە وەڵلا .. هەر خۆیەتی .. بەلاّم ئەڵیٚ ی چی قورعان نایگریٚ .

نامیق :– ترسنۆکی‌یە پیاو قورعان بەدرۆ بخوات .

حەمە صاڵح :– ئاپی مەلا قانیع ئێستە لە کوێت بێنم .. ئەم توفیقەم بۆ داشۆری ! .

نامیق :– دڵ لەدڵ مەیە ، شەرتبیٚ شیعرێکی وا بنووسم هەر بەرگوێ ی توفیق کە وێ ، یەکسەر وەکو بزمار بیسمیٚ .

حەمە صاڵح :– دەی کوا ؟ !

نامیق :– پەلە مەکە .. ئەبیٚ شیعرێکی وا ئاگراوی بیٚ ، توفیق بەپەلە پرووزیٚ خۆی بگەیەنێتە لاتانو بلیٚ .. بابە ئەوە هەقەکەتانو ، ئەو شیعرە بدرێنن ! ..

کەریم :– (دێتەوەو ، سیٚ چوار کولێرەی گەرمو گوڕیشی بەدەستەوەیەو ، لەتەك حەمە صاڵحەوە دادەنیشێت .) کاکە حەمە صاڵح ئەم کولێرانە بەرە بۆماڵەوە لە گیرفانی برا بچووکت کڕیومن ! .

حەمەصاڵح :– مەمنوونم .. کاکە برا زۆر مەمنوونم .. شتیٚ‌وا نایٚ .. خوا لەدەستت بەزیاد کا .

نەجم :– جا ئەوە چی‌یە بیٚ قەزای دڵی کەریم مەشکێنە .

حەمە صاڵح :- (دەستەسڕێك لەبەر باخەڵی دەردێنیٚ و کولێرەکانی تێدەخات .)

کەریم :– جەماعەت بڕیارم دابوو . ئەم دینارە بەم بەگوڵێکو ، سبەی بەیانی پێشکەش بەگوڵە خانی بکەم .. بەلاّم ئەوە ناکەم ، حەمە صاڵح وائەیدەم بەتۆ .

نامیق :– حەمە صاڵح لیٖ ی وەرگرە ، کەریم دڵی ناسکە .

حەمە صاڵح :– پێویست ناکات .. زۆر مەمنوونم ، کەریم گیان بۆ خۆتی هەڵگرە .

نەجم :– حەمە صاڵح .. کەریم پەکی ناکەویٚ .. تاقەزەلامێکەو ، لەبرسا نامریٚ .

حەمەصاڵح :– بەدوو دڵی‌یەوە وەری دەگرێت .

نەجم :– حەمە صاڵح .. لە سبەینیٚ‌وە لەتەك خۆما ئەتبەم بۆ مەیانەکەو ، بەعەرەبانە دەستی یەکەم چی‌ی خوا ناردی وەکو برا بەشی دەکەین .

حەمە صاڵح :– زۆر مەمنوون .. کاکە نەجم .

(کوێخا .. بەخۆیو جانتا ڕەشەکەی بن هەنگڵی‌یەوە دێتە نێو چایخانەکە) .

کوێخا :– (ڕوو دەکاتە نامیق .. ئەوە دیسانەوە لەماڵەوە دەریان کردوویت . (ڕوودەکاتە ئەوان) سەلامو عەلەیکوم . ئا نەجم .. چایەکم بۆ تێکە ، (لەتەك نامیقەوە دادە نیشێت) .

ئەوان :– (بەخێرهاتنی دەکەن) .

نامیق :– مارحەزی بەسیر نەدەکرد ، کەچی لەدەرکی کونەکەی ئەڕوا .. ئەوە کەرەپیر سەرودڵت گرینەوە .

کوێخا :– توخوا من پیرم یا تۆ .. گەر وەکو تۆ ئەبوومە فلقە کۆن .. لەماڵەوە ڕەزا گران ئەبووم و ، ئەیان کردمە دەرەوە .. نەگبەت ڕەفیق تۆ تانیوەڕۆ هەر لە نێو جێگەی گەرمو گوڕا نایەتە دەرەوە .

نەجم :– (بەپێکەنینەوە چایەکە بۆ کوێخا دادەنیٚ) .

نامیق :– تۆ خۆت حسێبی .. چی‌ی ئەڵیٚ ی بیلیٚ .

کوێخا :– پیاو کە تەقاعوود بوو ، ئیتر لەماڵەوە قاچی لیٚ ڕائەکێشیٚ‌و ، ئیسراحەت ئەکاو ، خزمەتی ئەکەنو ، بەدەورو پشتیا دێن .. کەچی ئەم کەوڵە کۆنە چونکە هیچی پیٚ‌نەماوە لەماڵیشەوە جێگەی نابێتەوە .

نامیق :– کوێخا ترسنۆکی‌یە پیاو هەر لەماڵەوە دانیشیٚ .

کەریم :– (دەپژمیٚ .)

کوێخا :– دەی عەمرت نەمێنیٚ .. بۆ ناڵیٚ ی بیٚ دەستەلاّتی‌و ، هیچو پووچی‌ی خۆمە .. پیاو ئەو پیاوەیە لەماڵەوە گورز بوەشێنیٚ .

نامیق :– بۆ ناڵیٚ ی من ئازام .

کوێخا :– جا من کە لە ماڵەوە وتم .. لەل .. دارو دیوار فزەیان لێوە یەت .

ـمیق :   تۆ خۆت موختاری .. مۆرەکە وا لەباخەڵی خۆتایە .. چۆنی مۆر ئەکەی مۆری کە .

کوێخا :   (لاسایی نامیق دەکاتەوە) .. سەیر سەیری ئەو دەمو فلتە .. ئەمە لای خۆی شاعیربیشە .. شیعرێ بۆ حاڵی خۆت بنووسە . لە وەچاترە بەسەر خەڵکیا هەڵ بڵێ‌ی .

کەریم :   (دەپژمێ .)

نەجم :- خێر .. ساڵەکەی دوو بەهار ئەبێ .

کەریم :   ئابێ لەبەهارە شێتەی قەلاکەی جارانی من .
قەلاکەم رووخا .. پاڵدەم بەکێوە .

نامیق :   تۆ خۆت موختاری .. من دەرەقەتی موختار نایەم .. هەتیو بەم بەیانی‌یە زووە ئەڵێ‌ی بەروو لە دەمیا تەقیوە .. دەبڕۆ یەخەمان بەردە .

کوێخا :- ئەی لەم شاعیرە .

نامیق :- کوێخا .. ترسنۆکی‌یە پیاو شاعیر نەبێ .

کەریم :   (دەپژمێ .)

کۆێخا :- شاعیرێکی ترسنۆکی وەکو تۆ .

نامیق :- ئەی موختارێکی هەوانتەچی وەکو تۆ ! .

(کابرایەك دێتە نێو چایخانەکەوەو ، بەدووی موختاردا دەگەرێت . کوێخا بانگی دەکاتو ، دەیباتە ئەولاوە .)

نامیق :   دەبڕۆ مۆری کە .. کوێخا رووتە دەبڕۆ مۆری کە . کوێخا :- داوەشێیت لەم حاڵەت چاترە ..ئەوە ژیانە تۆی تیایت .. بۆ نامری تا جاو هەرزانە .

کەریم :- (دەپژمێ .)

نامیق :- ماڵی ئەم پژمینەی تۆشم بەقوڕ گرت ..کفرمان کرد ، وتمان شلپێ ئاو بدەیە سەروچاوتەوە .

کەریم :- ئەفەنی .. هەر ئەمەوێ دووجار لەسەریەك بپژم .. بەلام بەدەست خۆم نی‌یە .. ئەڵێم بەڵکو خێری پێوەبێ‌و ، ساڵەکەی بەهاتبێ .

نامیق :- (روودەکاتە کوێخا) .. شار ئەم نەوعانەشی تیایە .. ترسنۆکی‌یە پیاو دەم بخاتە دەمی ئەم جۆرە کەسانەوە .

نەجم :- نامیقە فەنی .. ئەمە سارە .. شار .

حەمە صاڵح :- (بەدەم ئاهێکەوە) .. راستە .. ئەمە شارە .. شاری دەلیا لووشە .

کەریم :- (دەپژمێ .)

نامیق :- دەی زلفنجو .. دەردی گران .. ئا تۆخوا کوێخا .. وەرە بۆ میشی مۆرکە .

حەمە صاڵح :- (تاس دەیباتەوە) .

(دێتەی چوارەم) بێدەنگ

توفیق دێتەوە نێو چایخانەکە . دوو زەلامەکەش هەر بەدوویەوەن . حەمە صاڵح وەکو جار دی‌لی‌ی دەچێتە پێشەوەو ، دەست دەنێتە بینی .. زەلامەکانیش خێرا دەکەونە خۆیانو . پەلاماری دەدەن .. ماوەیەك دەی‌هێنن‌و . دەی‌بەن .. تۆفیقیش قاقا پێدەکەنێت .

زەلامەکان بەردەوام دەبن لەسەر جۆلانە پێکردنی حەمە صاڵح ، تۆفیقیش خەریکە بەگازی پشتا دەکەوێت زەلامەکان بەدەم پێکەنینەوە حەمە صاڵح – قرێ دەدەنە سەر زەوی یەکە .. ئەویش بەدەم ئاهێکەوە روو گرژ دەکاتو . بەری چاوی تاریك دەبێت .

دەیەوێت هەستێتەوە .. بەلام لەتاو ئازاری پشتی دەکەوێتەوە .. توفیق‌و دوو زەلامەکە پێکەوە پی‌ی‌پێدەکەنن .. ناچار کەریم خۆی پی‌رانا گیرێ .

دەچێتە لای حەمە صاڵحەوەو . دەستێك دەداتە بن باڵی . نەجمیش هەروا دەست دەداتە باڵەکەی تری . ئەمجا حەمە صاڵح راست دەبێتەوەو، بە چاوی پر لە جەخارەوە لەوان دەروانێ‌و ، بەرەو روویان دەچێتەوە . کەریم‌و . نەجمیش لە ملاو لایەوە . توفیق وزەلامەکان لەپێکەنین دەکەون ..روویان تاڵ دەبێ‌و . بەرەو دوا دەکشێنەوە .

* * *

نامیق :- (لە شوێنی خۆی راست دەبێتەوە) .. ترسنۆکی‌یە .. ئەرەوەڵلا ترسنۆکی‌یەو ئەولاتریش .. پیاو لەکاتی وادا دوو قاچی تریش قەرز نەکات . (خێرا رادەکات)

* * *

توفیق‌و ئەوان زێتر دەکشێنەوە ، حەمە صاڵح‌و ئەوانیش بەرەو پێش دەچن .. توفیق دەترسێ ، لەتاوا دەستێك بەرووبەوە دەگرێت .. حەمە صاڵح دەستی بەرووی ئەواندا بەرز دەکاتەوە ، کەریم‌و نەجمیش هەروا .. ئەوان لە کشانەوەیاندا لەحەژمەتا بەسەریەکدا دەکەون .. ئەمانیش پی‌یان پێدەکەنن .

ئەوان دێنەوە سەرخۆیان‌و رادەکەن ، ئەمان بەدوویانەوە .

کۆتایی

**تەمموزی ١٩٨٨**